# قیژەی ئەنفال

ئیدریس عەلی

دەبوو ئێستا منالێك
بەدەم حونجە كردنی وانە تەڕەكانی بارانەوە
حیكایەتە سەوزەكانی دارای بنوسیایەتەوە،
كاتێك بە دوو چاوی كوێرەوە
دوو داری دوور دوور لەگەرمیانەوە دەبینێ. .
دەبوو هەر ئێستا
لەپشت ئەم وێنە كاڵ كاڵەی زاكیرەوە
منالێك بەناوی (ئازاد) ەوە
لەبان دار سێوە شەنگەكەی (نەسرین)
سێ مزرە سێوی محبەتی هەڵدایەتە خوارەوە"
ئەمە یەك سێو
ئەمە دوو سێو
ئەمە سەد سێو،
لەپڕ ئەنفال. . لەپڕ مەرگی ناوادە
لەپڕ ئێوارەیەكی بێ هەتاو. . لەپڕ شەوێكی بێجریوە
لەپڕ باخچەیەكی بێبۆن. . لەپڕ كۆلانێكی بێ رەنگ
لەپڕ ئەنفال. .
لەپڕ قیژەی منالێكی تازە بوو
لەپڕ حەسرەتی داپیرەی لەئینتزاردا هەڵقرچاو
دانە دانە پەنجە سپییەكانی رەش هەڵدەگەڕێن !!
هاوارێك. . ئەڵێی گەمەی منالە دڵخۆشەكانی شەوی بەراتە
ئەڵێی شریقەی دەسرێژەكانی ماچە
بەسەر گۆنای خامۆشی عیشقەوە
هاوار دەكات:
سەدوو هەشتاو دووهەزار ئینجانە
خالی لە گوڵی زەردەخەنە،
سەدوو هەشتاو دوو هەزار گۆرانی
شەلاڵ بەخوێنی ئەسحابەكانی عەرعەر،

سەدوو هەشتاو دوو هەزار دڵۆپە باران
هەڵكورماو لەنێو تابووتی ژەهردا،
لەوێ. . لەپەنا نەغمەی ئەم تاریكیە ئەزەلیەدا
لەوێ. . لەسایەی قاسپە خنكاوەكانی مافی مرۆڤدا
لەوێ. . وەك منداڵ بوونەوەی شەهێنە پێكراوەكانی رۆحی ژن
ئەو ژنانەی پرچیان لەمێخەك و
بەرگیان لە گوڵە هەنارە. .
وەك كتوپڕ ئاوا بوونی هەتاو و
لەخۆوە تەماشاكردنەوەی ئەلبومە سوتاوەكانی یادگاری
هەموویان تاسەحراو تاریكیو هەتامەرگ
هەریەكەو پڕی مشتیان خۆڵەمێش،
هەریەكەو پڕی دەمیان هاواری بێدەنگ
هەریەكەو پڕی چنگیان چەپكە گزنگی یەخسیر،
لەچرای جێماوی نێو تاقو پەنجەرەی شەوانی گوند
هەموویان كۆمەڵ كۆمەڵ
لەپاشكۆی زیلەكاندا،
دەستە دەستە
بەپشتی رەشەباكانی مەرگەوە،
چی سرودو گوڵو شیعر هەیە
چی مێخەكو ئینجانەو گۆرانی هەیە
چی باخچەو نامەی هەڵقرچاوی نێو دڵ هەیە
چی چرپەو ماچو باران هەیە
چی شەقامو هەنگاو و سڵاوی بۆندار هەیە
دەیبەنەوە بەردەرگای یەكەمین ئایەتی خوا
یەكەمین وانەی ئەنفال
یەكەمین بانگی ئاشكرای بیلال
ئای. . گەر ئێستا منداڵێكی لم پۆش لێرە با
نیشتمان لەخۆشیان چی دەكرد. . . ؟؟

كوردستان نێت www.kurdistannet.org